ڕەسەنی سەردەمەکە ( ڕۆژنامەی کوردستان ) با بزانین لەو ڕووەوە چی تۆمارکراوە:

حەزرەتی پێشەوای کوردستان محەمەد قازی کوڕی ئاغا میرزا عەلی مرحوومە لە بانەمەڕ ( اردیبهشت ) ١٢٧٩ هـ . شمسی بەڕانبەر بە ٢ی مەحرم ١٣١٨ هـ . ق لە شاری مەهاباد لە دایک بووە. ئەم زاتە زۆر بە چاکی لەژێر دەستی باب و دایکی دا پەروەردە کرا..... دوای خوێندنی چەن ساڵێکی کوردی و فارسی دەستی بە خوێندنی سەرەدای نحو و سەرف کرد هەروا ئیدامەی بە خوێندندا تا لە علوومی مەقوول و مەنتقدا، نحو، سەرف، منتەق، بلاغە، ئوسوول، فقە، کەلام... فارەغ التەحسیل بوو... بێ وچان لە ڕووی خوێندن و زیادکردنی مەعلوومات و فێربوونــی زمانی بێگانەدەگەڕا، تا توانی بە وەسیلەی مامۆستای تاتبەتی زبانی ئینگلیسی، رووسی، فەرانسی بخوێنێ و بێجگە لەم سێ زمانە و زمانی زگماکی خۆی کە کوردیە زمانی عەرەبی، فارسی و تورکێشی زۆر باش دەزانی.

حەزرەتی محەمەد قازی پێشەوای کوردستان هەر لە منداڵیەوە خاوەنی گیانێکی بەرز و بەهێز و نیشانی گەورەتی، شوجاعەت. لە خۆبوردن دەویدا دیاری دەدا... بێ وچان لە حقووقی هەموو کوردێک بە تایبەتی هەژاران و لێ قەوماوان لە هەموو جێگایەکدا دفاعی کردووە و دەیکا.

١٢ـ هێمن، تاریک و ڕوون، ١٩٧٤، ل ٢٢ ـ ٢٣

١٣ـ ڕۆژنامەی کوردستان، ئورگانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، ژمارە ٣٠٢، شەممۆ ٦ خەزەڵوەری ١٣٢٩

ـ دوای ڕووخاندنی کۆماری کوردستان، ئەو ڕۆژنامەیە وەک لاپەڕی چوارەمی ڕۆژنامەی ئازەربایجان لە باکۆ بە سەرپەرشتیی کۆمەڵێ لە ڕوشنبیرانی کورد بەتایبەتی دکتۆر ڕەحیمی قازی و دکتۆر عەلی گەلاوێژ، لە چاپ دەدرا. یەکەم ژمارەی لە ژمارە ٢ی ڕۆژنامەی ئازەربایجان ١٤ی ئازەری ١٣٢٦، ٥ نوڤامبەری ١٩٤٧دا بووە. چەندین ساڵی دەوام کردووە.

١٤ـ دوکتۆر ڕەحیمی قازی: باسێک لەمەڕ موحاکەمەی پێشەوا قازی محەمەد، ل ٤٥ م ٤٦

١٥ـ ئارچی ڕۆزوڵت: ک .ک. لە مەهاباد، ل ٤٣

١٦ـ

**Natinoal Encyklopedin – Band 7 – Höganäs 1992**

ـ مەحموود مەلا عیززەت، سەرنجی لە شۆڕش و دیپلۆماسیەتی کورد لە ناو باری جیۆپۆلیتیکی کوردستان دا، گۆڤاری پەیڤ، ژمارە ٧، ئاداری ١٩٨٨، ل ٧٨١ ـ ٧٩١

١٧ـ جگە لە کوردستانی فێدراڵی، ئەمەش بارێکی نائاسایی ناوچەکە، هەڕەشەی ناوچەیی و شەڕی کوێت، خواستی خۆرئاوا، بە

